# ڕاپرسی لە کوردستان لەنێوان خواستی گەل و

# و بەرژەوەندی لایەنە سیاسیەکاندا



سەلاّحی گەرمیان/ سیدنی
germiyan@hotmail.com

مرۆڤ وەک تاکەکەس ناسنامەی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی کەسایەتی خۆی بسەلمێنێت ئەبێت توانای ئەوەی هەبێت کە لە ژیاندا ڕێگای خۆی هەلبژێرێت. بەهەمان شێوەش گەل کە پێکهاتەی تاکەکەسەکانە لە چوارچێوەی قەوارەیەکی جیوگرافیدا خاوەن ناسنامەی خۆیەتی. ئەگەر ئەو ناسنامەیەی لێ زەوتکرێت پێویستە ڕێگای خەبات بگرێتە بەر تا بتوانێت بە گونجاوترین ڕێگاکانی خەبات ناسنامەی نیشتمانی خۆی بەدەست بێنێت.

گەلی کورد بەدوای ناسنامەدا وێڵە بە هۆی ئەو بارە جیۆپولیتیکەوە کە بوەتە هۆی دابەشکردنی ولاّتەکەی بەسەر ولاّتانی دەوروبەری کە ڕژێمی ناسیونالیستی حوکمرانیان ئەکات. لە ئاکامی ئەو بارە، نائارامی بوەتە بەشی خەلکی کوردستان و لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی وەدەستهێنانی ناسنامەی نەتەوایەتی خۆی لە چوارچێوەی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد، چەندین شێوەی خەباتی سیاسی گرتوەتە بەر دژ بە ستەمی میللی و پێشێلکردنی مافە سەرەکییەکانی وسڕینەوەی ناسنامەی کولتوری و نەتەوایەتی لە لایەن ڕژێمە ناسیۆنالیستەکانی عەرەب، تورک وفارسەوە. لەو ڕێگایەشدا چەندین حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی و ڕێبازی جوراوجۆر هاتوەتە کایەوە و بەردەوامی کوردستان گۆڕەپانی شەڕ بوە و مەینەتی و مالوێرانی و وێرانکاری و قڕکردن بەشی خەلکی کوردستان بوە. لە ئەنجامدا خەلکی کوردستان لە بوارەکانی ژیاندا وەک بواری کۆمەلاّیەتی و ئابوری و پەروەردەو زانست و تەندروستیدا دواکەوتون.

گەلی کورد لە ڕێگای خەبات لە پێناو سەربەخۆیی وەدەستهێنانی ناسنامەی کولتوری و نەتەوایەتی نەک تەنها بەر هێرشی ڕژێمە شۆفینیستەکان کەوتوە بەلکو بوەتە قوربانی سیاسەتی چەوت و نارەوای حیزبە سیاسیەکانی کوردستان کە خۆیان بە ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە قەلەم ئەدەن، ئەو بزوتنەوە چەکداریە ناوی شۆڕشیان هەلگرتبوو لە چوارچێوەی بزوتنەوەیەکی خێلەکیانە دەرنەچوە دەرەوە. لەبری ئەوەی نۆینەرایەتی ڕاستەقینەی گەل بن بوونە مایەی ئاشبەتالّ و دوبەرەکی گەلی کورد و مالوێرانی شەڕی ناوخۆ وهیچ کاتێک ڕێگایان بە خەلکی کوردستان نائەدا کە خۆی خاوەن قەرار بێت وهیچ کاتێکیش گوێڕایەلّی دەنگی خەلک نەبونە.

هەر لە بزوتنەوەی چەکداری ئەیلولی 196 تا سالاّنی دوای تەجروبەی تالّی ئاشبەتالّ، حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی باشور بەبەردەوامی ڕێگایان لە خەلک بڕیوە بە پەنابردن بۆ بیانوی بارودۆخی نێودەولەتی و ناوچەکە و جورئەتی ئەوەیان نەبوە و یان نەیانویستوە لە چوارچێوەی ئەو دروشمە نەگۆڕەی"دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی (پاشان فیدرالی) بۆکوردستان" هەلیانگرتوە تا ئێستاش دەرچن. چونکە تەنها ئامانجی سەرکردە و ڕابەرانی ئەو حیزبانە دابەشکردنی دەسەلاّت بوە لە گەلّ حکومەتی مەرکەزیدا بەبێ لێکدانەوەی لە شێوەی ئەو حکومەتە لە باری ئایدۆلۆجی یەوە تەنانەت دەستیان خستە نێو دەستی دیکتاتۆرێکی ملهوری

وەکو سەدام و پەنایان بردە بەر ڕژێمە دژەکوردەکانی دەوروبەر بۆ پاراستنی ئەو دەسەڵاتەی وەدەستیان هێناوە بەبێ سڵکردنەوە یان لەبەرچاوگرتنی هەست وخواست وباری دەرونی خەڵکی کوردستان.

گەلی کورد بوەتە خاوەن زەخیرەیەکی زۆر لە هۆشیاری سیاسی و ڕێکخراوەیی بەهۆی ئەو تەجروبە تاڵانەی کە بەدرێژایی خەباتی چێشتویەتی و بوەتە خاوەن ئەو توانایە کە بتوانێت دەستنیشانی دوارۆژی خۆی بکات ئەگەر ئەو شێوە تۆتالیتاریەی کە حیزبە سیاسییەکان پەیڕەوی ئەکەن نەبنە ڕێگر لە بەشدار بوونی لە قەراری سیاسی بۆ وەدەستهێنانی ناسنامە و سەربەخۆیی. بەڵام مخابن هیچ کاتێک حیزبەکان نەگەڕاونەتەوە بۆ لای جەماوەری خەڵک و هەموو کاتێکیش خۆیان لە سەروی خەڵکەوە بینیوە. گەڕانەوە بۆ ڕای خەلک داخوازی زۆربەی زۆری خەڵک بوە و بەتایبەتی ڕۆشنبیرانی ناو کۆمەڵ و هەمیشە پێوانە بوە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرنامە و هەڵویستی حیزبەکان.
ئەتوانین بڵێین گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵک یان ڕاپرسی لە قەراری سیاسی (ڕیفراندوم) وەک بزاڤێک سەریهەڵنەدا لەو قۆناغانەی پێشووی چونکە بارو دۆخی سیاسی ئەو سەردەمە لەبار نەبو و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە ئاستی بەرزکردنەوەی ئەو دروشمەدا نەبو. بەڵام لە دوای ڕاپەرین وکۆڕەوی ملیۆنی خەڵکی کوردستان و سەرهەڵدانی بارودۆخێکی نوێ لە ئەنجامی ئەو ئازادیە کە تاڕادەیەک بۆ گەلی کورد ڕەخسا لە پاش کشانەوەی دامودەزگاکانی ڕژێم لە کوردستان و باردۆخی ناوچەکە لە پاش هێرشی ئەمریکا وهاوپەیمانانی لە جەنگی کەنداوی دووەم و قاودانی هێزە سەربازیەکانی ڕژێمی عیراق لە کوێت ودانانی ناوچەی ئارام لە کوردستانی باشور، کێشەی گەلی کورد پێ ی نایە قۆناغێکی ترەوە و لە کێشەیەکی ناوخۆیی دەرچو و کەتە بەرچاوی کۆمەڵی نێودەولەتی. بەڵام سەرەڕای ئەو بارودۆخە نوێ یە، نیگەرانی و نائومێدی و سەرگەردانی جارێکیتر بەڵام ئەم جارەیان لە ژێر سایەی باردوخی شەڕی ناوخۆ کە ململانێ ی حیزبایەتی هۆکاری بو، باڵی کێشا بەسەر ژیانی خەڵکدا. ئەمەو ناڕۆشنی و نادیاری بە هۆی نەبوونی بەرنامەیەکی سیاسی بتەو کە وەڵامی هەبێت بۆ ئەو قۆناغە لەلایەن هیچ حیزبێکی سیاسی ترەوە کە دور بێت لە بەرژەوەندی حیزبییەوە و ڕەنگدانەوەی خواستی تەواوی خەڵکی کوردستان بێت، ئەو هۆیانە بونە ئەوەی چەمکی (ریفراندوم) بخرێتە ژێرباس و خستنەڕو و کارکردن لە پێناو بەرپاکردنی لە لایەن چەند لایەنێکی سیاسی بچوک و ڕۆشنبیران ونوسەرانەوە.

هەرچەندە بە پێی سەرچاوەیەک بەرچاوم کەوت بەڵام زۆر دڵنیانیم لەوەی کە حیزبی رزگاری کوردستان ریفراندومی وەک دروشم هەڵگرتووە لە ساڵی 1993 وە، بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە ساڵی 1995 وە داوای ریفراندومی کردوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و گۆڤارێکی تایبەتی بەناوی ریفراندومەوە دەرکردوە و لە هەوڵدانی ئەوەدا بوە کە بە خەڵکی بناسێنێت. بەڵام ئەو هەوڵانە هیچ دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی نەبوە لە ناو خەڵکدا و خەڵکی تەنها بە تاکتیکێکی سیاسی کاتی چاوی لێئەکرد و تەنها بۆ ڕاکێشانی خەڵک و کۆکردنەوەی ئەندام و خۆدەرخستن نەک تەنها وەک هێزێکی سیاسی سێیەم لە گۆرەپانی سیاسی لە بەرانبەر یەکیتی وپارتی، بەڵکو وەکو مەنسور حیکمەت دامەزرێنەری ئەو حیزبە بە ڕاشکاوی لە نوسینیکیدا بە ناونیشانی_(لە پێناو بەرگریکردن لە خواستی سەربەخۆیی کوردستان) ئەڵێت: مەبەستی خواستی کردنی کوردستان بە وڵاتێکی سەربەخۆ ئیمکانی ئەوە ئەبەخشێ کە کۆمونیستی کرێکاری ڕەوتە ناسیۆنالیستەکان تەریک بکاتەوە و وەک هێزی یەکەم دەربکەوێ). هەروەها لە جێیەکی تر ئەڵێت: لەیەک قسەدا خواستی سەربەخۆیی چەقی قورسایی قیبلەنمای هەڵسوڕانی ئێمە نیە لە کوردستاندا، بەڵکو بەشێکی زەروری ڕیبازی ئێمەیە لە کۆردستانی ئەمڕۆدا.

لەوە ڕوون و ئاشکراتر نیە بۆ دەرخستنی ڕاستی ئەو ڕێبازە، کە تیایدا کۆمۆنیستی کرێکاری دەرئەکەوێت بە هیچ شێوەیەک مەبەستێکی ڕاستگۆیانەی نیە لە هەلگرتنی دروشمی بەرپاکردنی ریفراندوم بەلکو وەک کالأیەک لە بازاری سیاسی ئەیەوێت بیفرۆشی بە خەلکی کوردستان لە پێناو مەبەستێکی سیاسی خۆی چونکە لەناو کۆمەلأنی خەلکی کوردستاندا نەیتوانیوە تەشەنە بکات و بەرنامەیەکی وای نیە بۆ وەلأم دانەوەی واقیعی بە کێشەکانی خەلکی کوردستان، ئەو حیزبە لە لایەکەوە عیراقچێتی ئەکات و لەلایەکی ترەوە داوای جیابونەوەی کوردستان بەڕێی ریفرانۆمەوە ئەکات. بەلأم هەر لە گەلّ ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس لەلایەن ئەمریکاوە پەردەیان لەسەر خۆیان هەلّمالّی و بە ڕاشکاوی پاشگەزبونەوەی خۆیان لە ریفراندوم ئاشکراکرد بە بیانوی لە ناوچونی ڕژێمی ناسیونالیستی عەرەب و نەمانی ستەمی نەتەوایەتی و گوایە چیتر تاکەکەسی کورد وەک هاولأتی پلە دوو سەیر ناکرێت.

کۆمۆنیستی کرێکاری بە ئیدیعای ئەوەی کە چیتر جیاوازی لەنیوان گەلانی عیراق نەماوە و پێویست بە بانگەواز بۆ ریفراندوم ناکات، وادەرئەکەوێت کەلەلای ئەو حیزبە بە ڕوخاندنی ڕژێمی سەددام لە لایەن ئەمریکاوە، ئەو شۆرشە کرێکاریە کە ئەوان ئەیانەویّ ڕابەرایەتی بکەن زەمینەی لەباری بۆ خۆشکرا بە پێی ڕێنمای مەنسور حیکمەت کە ئاماژەی بۆ کردبوو لە ووتەیەکیدا وئەلێت: <u>وەلأمی یەکەمی ئێمە بە مەسەلەی میللی لە گشت ناوچەیەکدا شورشی کرێکاریە</u>. یان کۆمۆنیستی کرێکاری پێی وابو لە ژێر سایەی داگیرکردنی ئەمریکا ئەو یۆتۆبیایە کە خۆیان باسیان لێوە ئەکرد <u>"عیّراقیّک دیّتە دی کە تیایدا هاولأتیان بەبیّ بەرچاوگرتنی قەومیەت وئینتمای نەتەوایەتی لە مافە مەدەنیە یەکسانیەکان بەهرەمند بن"</u>

پرسیارێک دێتە ئاراوە ئایا بۆچی کۆمۆنیستی کرێکاری لە تەبلیغاتی دژ بە ناوچەی ئەمنی کوردستان کە لەلایەن فرۆکەکانی ئەمریکاوە ئەپارێزران بانگێشەی بۆ ریفراندوم ئەکرد بەلأم بە داگیرکردنی تەواوی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە پاشکەز بوەوە و بەرنامەی ریفراندومی خستە ئەرشیفی خۆیەوە ( بۆ ماوەی سالێک) دوای لە بەرامبەر بە بزوتنەوەی ڕۆشنبیرانی سلیمانی بە ناوی دەورەی دوەمی ریفراندوم ئەمجارەیان لە ژێر ناوی "ریفراندوم بۆسەربەخۆیی کوردستان" کە ئەوەش هەلّەیەکی زەقی ترە دور لە مانای ریفراندوم پیّش بریاردانی خەلکی کوردستان ئەکەون. لە پاش بەستنی بلونیۆمی 14 ی و هەلّبەتە پێش ئەو دابەش بونەی بەسەریدا هات لە ڕەنگدانەوەی دابەش بوونی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئێران بەسەر دوبالّی سەرەکیدا، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بالّی "ریّبوار ئەحمەد" جارێکی تر ریفراندومی لە ئەرشیفی خۆی هێنایەدەر و ئەمجارە بەناوی دەورەی دووەمی ریفراندوم بۆ سەربەخۆیی کوردستان وەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا. خەسرەو سایە ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە لە وەلأم بە پرسیارێکی گۆڤارەکەیان کە بەناوی ریفرانومەوە دەر ئەچێت لە بارەی گۆڕینی هەلّوێست چەندین جار سەبارەت بە ڕیفراندوم و خواستی جیابونەوە وپێکهاتنی دەولّەتی کوردی ئەلێت: <u>ئەوە تەنها هەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق نیە هەلّوێستی گۆڕیبێت لە سەر مەسەلەی کورد. یەکێتی و پارتی وەک دوو حیزبی سەرەکی کە هەموو ستراتیژ و سیاسەتی خۆیان لەسەر مەسەلەی کورد داڕشتوە ئەوانیش سیاسەتیان گۆڕیوە</u>. جا ئیتر نازانم تەفسیری ئەم وەلأمە لای ئەو حیزبە چۆن ئەکرێت کە هەلّەکانی خۆیان بە بەراورد بە هەلّەی حیزبە ناسیۆنالیستەکان بە (قەولی خۆیان) ڕاست بکەنەوە. سەیر لەوەدایە حیزبێک خۆی بەڕابەری چینی کرێکاری عێراق ئەزانێت کە چی لە بەرامبەر سیاسەتی حیزبە کوردستانیێکان سیاسەتێکی ئاوا بیّ بالأنس پەیڕەو ئەکات. ئەگەر لە پێش ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس بیانوی ئەو حیزبە بۆ ریفراندوم ئەوە بو کە کوردستان لە سەرگەردانیدا بوو و ناوی ئوردوگای فراوانی پەنابەرییان لێنا بو، ئاخر بە چی بیانویەک مەلەفی ریفراندوم دائەخەن لە کاتی ئەو پاشاگەردانییەی دوای داگیرکردنی عێراق ونەمانی سەددام هاتە کایەوە وتیایدا هیچ تروسکاییەک نا ئەبینرا بۆ نەمانی دەولەتی غەیرە قەومی و مەزهەبی وسکولار وەکە بە خەیالّ دروستیان کردبو هەر لەو کاتەدا مەجلسی حوکمی کاتی

دەرگای کۆمەڵەی عەرەبیان گرتبو بۆ قبولکردنی عیراقی پۆست سەددام لەو ڕێکخراوەیە کە ئەوش خۆی لە خۆیدا سڕینەوەی ناسنامەی گەلی کوردستانی ئەسەلماند.
پەیڕەوکردنی ئەو جورە سیاسەتە بیٚ بالانسانە ودور لە خۆیندنەوەیەکی واقیعیانە بۆ ڕوداوەکان و ئەو دروشمە زلانە کە بەبیٚ هیچ سڵکردنەوەیەک ئەخرێتە ڕوو، تەنیا ئەوە دوو خاڵە ئەگەیەنێت، یان خەڵکی کوردستان بە گێل و نەفام ئەزانن یان سەرکردایەتی ئەو حیزبە لە بارەی سیاسیەوە ناکامڵە لە خۆیندنەوەی بۆ ڕوداوەکان و خاوەن ستراتیژێکی کۆنکریت نیە بۆ کارکردن لە پێناو ئەو ئامانجانەی بانگێشەی بۆ ئەکات لەم قۆناغەدا.

ئەوەو کە باس لە بزووتنەوەی ڕیفراندوم ئەکرێت ناکرێت نکۆڵی لەوە بکەین کە ئەو بزوتنەوەی کە لە سلێمانی سەری هەڵدا و لە لایەن دەستەیەک لە ڕۆشنبیرانی سلێمانی بەرپاکرا و لە سەرەتاوە بە گەرموگوڕی لە نێو جەماوەری خەڵکدا کاریان بۆکرد بە بلاٌوکردنەوەی پەیامێک بۆ ڕای گشتی و تیایدا نیگەرانیان لە جیاتی خەڵکی کوردستاندا دەربڕی و داوای ئەوەیان کرد کە خواستی گەلی کورد لە ڕێکخستنی ڕیفراندومێک بۆ دیاریکردنی چارەنوسی کوردستان بەڕێوە بچێت بۆ ئەوەی جارێکی تر خەڵکی توشی ئەو تەجروبە تالاٌنەی سالاٌنی ڕابوردوو نەبنەوە و چیتر ماف زەوتکردن و مالٌویرانی و دەربەدەری وئەنفالکردن یەخەی خەڵکی کوردستان نەگرێت و خەڵک خۆی خاوەن قەراری دواڕۆژی خۆی بێت. لەو ماوەیەدا کۆمیتەی بالاٌی بزوتنەوەی بەرەو ڕیفراندوم توانی نزیکە 2 ملیۆن ئیمزا کۆبکاتەوە بۆ ئەو مەبەستە. بەلاٌم زۆری پیٚ نەچو دەرکەوت کە کۆمیتەی بالاٌی بزوتنەوەکە سەرەڕای دیاردەی سستی و لاوازی لە کارکردن بە ئاشکرا لە ژێر گوشاری حیزبە دەسەلاٌتدارەکانی کوردستان دەستەوەستان ڕاوەستاوە وبێتوانایی خۆی پیٚشاندا بەڵکو بۆ زۆر لە چاودێران ڕونبوەوە کە تەنها ئەو بزوتنەوەیە وەکو ئامرازێک بە کارهێنراوە دور لە خواستی وئاگای خەڵکی کوردستان بۆ پالپشتی لە داکۆکی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لە سەر فیدرالیزم، وەک نمونەیەکی زیندو وتەی شاندی کۆمیتەی بالاٌی بەرەو ڕیفراندوم لە ڕۆژی 28/4/ 2004 لە بەردەم ئەندامانی مەجلیسی حوکمی ئەو کاتەی عیراق لە بەغدا کە لە خالٌی چواری وتەکە هاتبو: دەمانەویٚ جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە هەلٌمەتی بزوتنەوەی ڕاپرسی لە کوردستان لە پێناو سەربەخۆیدا نیە، بەڵکو لە پێناو دەرفەتی هەلٌبژاردندایە، چونکە دوابڕیاری گەلی کوردستان سەبارەت بە عیراق گریدراوی ئەو ماف و زامنکاریی دەستوریانەیەکە عیراقی داهاتو بۆ ئەو گەلەیان دەستەبەردەکات، لە بەر ئەوەی گەلی کوردستان ئامادە نیە بە هیچ شێوەیەک دەستبەرداری ئەو دەستکەوتانەبێت کە لە ماوەی 12 سالٌی ڕابردودا بەدەستی هێناون، چونکە یەکێتی ئارەزومەندانەی نەتەوە جوراو جۆرەکانی عێراق و گەلی کوردستان تامی ئارامی و ئاسایش و دیموکراتی لە عێراق و گەلی کوردستان تامی ئازادی و دیموکراسی چێشتوە و کوردستان دیموکراتیترین و ئارامترین وبیٚ گرفترین ناوچەی عیراقە .

لەو باوەڕەدا نیم ئەوەی لەو وتەیە هاتوە پێویستی بە ڕونکردنەوە بێت چونکە دەقاودەق پێداگرتنە لەسەر یەکپارچەبونی عێراق و پێش بڕیاردانی خەڵک کەوتوە بۆ دیاریکردنی چارەنوسی گەل کورد لە کوردستان. ئەوەش ئەوە ئەگەیەنێت کە لێپرسراوانی کۆمیتەی بالاٌ ئەو ئەرکەیان گرتوەتە ئەستۆ کە بزوتنەوەکە بەکاربێنن وەک پرۆژەیەکی ئامادە بۆ گوشار دانان لەسەر لێپرسراوان لە بەغدا بۆ چەسپاندنی فیدرالی کە گوایە بڕیاری نوینەرانی گەلە لە پەرلەمانی کوردستان. ئاشکراشە کە پەرلەمانی کوردستان لە هیچ بڕیارێکدا لە چوارچێوەی بڕیاری هەردو حیزبی دەسەلاٌتداری دوو ئیدارەکە کوردستان دەرنەچوە. جگە لەوەی کۆمیتەی بالاٌ بە هیچ شێوەیەک هەلٌوێستی ڕاستەوخۆی دەرنەبڕیوە لە سەر ئەو سیاسەتانەی کە پەیڕەو ئەکرێت دژ بە خواستی خەڵکی کوردستان کە نامۆیە بە داواکاری بۆ ڕاپرسی لەوانە بیٚ دەنگی لە بەرامبەر ئاشتبونەوە لە گەلٌ کۆنە بەعسیەکان و ئەنفالچیەکاندا کە کۆنفرانسی هەولێر بڕیاری لەسەردا و تەی لێپرسراوانی ئێستای عیراق و هەڕەشەکردنی غازی ئەلیاوەر لە کورد لەمەر بانگەوازی ڕاپرسیەوە.

ئەوەی بەدی ئەکرێت لە بزوتنەوەی ڕیفراندوم زاڵبونی ڕەوتی سیاسی یە بەسەر ئەو بزاڤەدا، ئاشکرایە زوربەی ئەندامانی کۆمیتەیەی باڵای بزوتنەوەی بەرەو ڕیفراندوم لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کارئەکەن و ئەو بزاڤەی کە بە ناوی ریفراندوم بۆ سەربەخۆیی کوردستانیش بە ئاشکرا پرۆژیەکی سیاسی یە و لە لایەن سەرکردایەتی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریەوە بەڕێوە ئەچێت. بەواتایەکی تر بزوتنەوەی ڕیفراندوم ڕێگا نەدراوە پێی کە ببێتە بزاڤێکی جەماوەری سەربەخۆ ئەگەر نا ئەبوایە دەرگا ئاواڵا بوایە بۆ خەڵک بەگشتی بۆ ئەوەی بە ئازادی بێنە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنی کۆمیتەی باڵا و لقەکانی لە هەموو شارەکان، نەک چەند لایەنێک بە پێی بەرژەوەندی تایبەتی کوێخایەتی بە خۆیان ڕەوا ببینن و گەر بیانەوێ سپی بکەن بە ڕەش و ڕەشیش بکەن بە سپی. لە بەر ڕوناکی ئەو ڕاستیانە کە زۆر بە ڕونی بۆ خەڵک ئاشکرایە زور لە ئەندامانی چالاکی بزوتنەوەکە کشانەوەو ئامادەنەبون هاوکاری بکەن لەگەڵ کۆمیتەکانی بزوتنەوەی ڕیفراندوم بە تایبەتی لە دەرەوەی کوردستان و چەندین کۆمیتەی وڵاتەکان هەڵوەشاندنەوەی خۆیان ڕاگەیاند.